Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10323

# گۆڕاوەکانی دروستەی ئارگۆمێنت

**شیلان عومەر حسین[١]، سیروان سەمین ئەحمەد[٢]**

١- بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کەرکوك، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (گۆڕاوە سینتاکسییەکانی دروستەی ئارگومێنت لە زمانی کوردییدا)یە، بۆ دیاریکردنی ئەو گۆڕاوانەیە، کە لە سینتاکسدا بەپێی دروستەی ئارگومێنت ڕێگەیان پێدەدرێت. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە دروستەی ئارگومێنتدا چەند جۆرێک لە ئارگومێنتی سینتاکسی هەن، کە ڕێگە دەدەن بە ئەوەی ئارگومێنتی هاوچەشنیان لە سینتاکسدا لە جێکەوتەی ئەو ئارگومێنتانەدا دەربکەون، ئەمەیش لە ڕێگەی کۆتوبەندە سینتاکسیی و سیمانتیکییەکانەوە دەبێت، چونکە گۆڕاوە سینتاکسییەکان لەخۆوە و دەستووربەدەرنین، بەڵکو پێڕەوبەندانەیە، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئەو بنەمایانەیە، کە ڕێگەدەدەن بە گۆڕاوەکان و هەروەها ئەو بنەمایانەی، کە ڕێگە نادەن بە گۆڕاوەکان.

توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفیی-شیکاریی ئەنجامدراوە، واتە دروستەی گۆڕووەکان خراونەتەڕوو، دواتر شیکاریی بۆ گۆڕاوەکان کراوە.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted: August, 2022

***Keywords***

گۆڕاوەکان, دروستە, ئارگۆمێنت.

***Corresponding Author***

**shilan.hussein@universul.edu.iq**

**sirwansamen1985@uokirkuk.edu.iq**


## 1 ) دروستەی ئارگۆمێنت

زاراوەی دروستەی ئارگۆمێنت بۆ ئاماژەدان بە نواندنی فەرهەنگییانەی پریدیکات بەکاردەهێنرێت، یاخود دروستەی ئارگۆمێنت گۆکردنێکی ڕێزمانییانەی کەرەستە زمانییەکانە(Bresnan,2001:5)

تیۆریی دروستەی ئارگۆمێنت لەلایەن (Williams:1981) ئاماژەی پێدراوە و دواتر (Girnshaw:1990) پەرەی پێدراوە دروستەی ئارگۆمێنت وەک بزوێنەری بچوکترین پەسەندکردنی جیاکاری واتایی لە لیستی پارامێتەری کردارەکان دەستنیشانراوە، یاخود دروستەی ئارگۆمێنت وەشەیەک، وەک سادەترین خەسڵەتی سیمانتیکیی وشەکە پەسنکراوە، کە ئاماژە بەجۆری پارامێتەری پەیوەستکراو بە کەرەستەی فەرهەنگیی وەک (پریدیکات) دەدات، زۆر جار پریدیکات کردارەکانن و دەشێت (ناو،ئاوەڵناو،پێشناو)یش بێت، دروستەی ئارگۆمێنت لە دروستەی قوولی D- Structure سینتاکسەوە دروست دەبێت/پێکدێت(Rapoport,T, 1987,12) هەموو پریدیکاتێک ئارگۆمێنتێک/چەند ئارگۆمێنتێک داوادەکات ژمارە و سروشت و جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەی داوایاندەکات پێیاندەگوترێت دروستەی ئارگۆمێنت ئەمەش لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە و دەروازەی فەرهەنگیی دروستەی هەر ئارگۆمێنت - داواکەرێک ئەو ڕۆڵە بابەتانە لەخۆدەگرێت کە ئارگۆمێنتەکانی هەڵیانگرتوون ئارگۆمێنتەکان هەڵگری نیشانەی واتایین بەپێی ئەمە سروشت و جۆری ئەو داواکراوانە دەزانرێت کە ئارگۆمێنت – داواکەرەکان داوایاندەکەن( محوی، قادر،حسەین، ٢٠١٢، ٢١١) ئارگۆمێنت فرێزێکی ناوییە کە لە پەیوەندییەکی ڕێزمانیی یان سیمانتیکیی دیاریکراو دایە پەیوەست بە کردارەکەوە واتە دەگونجێت ئارگۆمێنت لە ڕوانگەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانەوە (بکەر ، بەرکار ، بەرکاری ناراستەوخۆ...) دیاریبکرێت هەروەها دەگونجێت لە ڕوانگەی ڕۆڵی سیمانتیکییەوە وەکو (کارا ، کارتێکراو ، سودمەند.....) دیاریبکرێت (Trask,1993,20)، یاخود دروستەی ئارگۆمێنتی کردار یان ئاوەڵناو ، کردەی ڕێکخستنی ئەو ئارگۆمێنتانەیە،کە پێویستە ئارگۆمێنت داواکەرەکان وەریانبگرن، ئەمەش بەشێکی پەیوەستداری بنەڕەتییە بە برشتی کردارەوە

(مەجید،٨،٢٠١٦)، واتە دروستەی ئارگۆمێنتی کردار دەبێتە پـرۆژەی راستەوخۆ، کـرۆکی دروسـتەی سینتاکسی_ ڕسـتە پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان ئارگۆمێنتەکانی ڕستەیەک بەتەواوەتی لەلایەن کردارەوە دیاریدەکرێت هەر بۆیەکردار لەم روانـــــگەیەوە دەبێـــــتە ســـــەری ڕســـــتیلەیەک (clause)(Babby,2009,12).

ئامانجی دروستەی ئارگۆمێنت پەسنکردنی پەیوەندی نێوان پریـدیکاتەکان و ئارگۆمێنتەکـانی پریــدیکاتەکانە لەڕســتەدا (Williams,2015,3)، لەم ڕوانـــگەیەوە ئەرکی ســـەرەکی دروســتەی ئارگۆمێنـت بـریتییە لە دیـاریکردنی: ١. ژمـارەی ئارگۆمێنتەکـانی پریــدیکاتێک. ٢. ئەرکی سینتاکســـییان. ٣. پەیوەندیی سیمانتیکییانەیان بە پریدیکاتەوە . واتە دروستەی ئارگۆمێنـت دوولایەنی هەیە: سـیمانتیک و سـینتاکس . کـاری دروستەی ئارگۆمێنت پەیکاڵبوون و بەستنەوەی سیمانتیکی فەرهەنگـــــــیی بەدروســــــــتە سینتاکســــــــیەکانەوەیە (Bresnan,1978,5). بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١)




بەپێی هێڵکاریی (١) دروستەی ئارگومێنت لە دوو لایەن جۆری هەڵاوێرکردنەوە دروستدەبێت (١) هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی و (٢) هەڵاوێرکردنی سینتاکسیی، هەردوو جۆرە هەڵاوێرکردنەکە فەرهەنـگ بە بنەمـا دادەنـێن، واتە بـۆ هەر پریـدیکاتێک لە فەرهەنــگەوە هەڵاوێـردی ســیمانتیکیی و سینتاکســی بــۆ ئارگۆمێنتەکــانی دەکرێــت. لە ئەنجـــامی هەڵاوێرکـــردنە ســیمانتیکییەکەوە تــۆری بابەتــانە بەدەســتدەهێنرێت و لە ئەنجـــامی هەڵاوێرکـــردنە سینتاکســـییەکەوە چێـــوەی وەچەپۆلـــدیاریکردن دروســـــتدەبێت. دواتـــر لە ڕێـــگەی نەخشاندنەوە هەردوو لایەنە سینتاکسیی و سیمانتیکییەکە لە دروستەی ڕستەدا پەیکاڵدەبن.

**١/١) ڕۆڵی بابەتانە و دروستەی ئارگۆمێنت** تیۆری سیتا (Ɵ) یەکێکە لە وەچە تیۆرییەکانی دەسەڵات و بەستنەوە، کە پەیوەندی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتەکان ڕووندەکاتەوە لە ڕووی سیمانتیکییەوە ڕۆڵە سیمانتیکییەکان بەکۆد دەکات ،کە پریـدیکاتەکان هەیـانەو بەئارگۆمێنتەکان دەیبەخشـن واتە ئەم وەچە تیۆرە کە بە شێوەیەکی گشتی بەندە بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن دروستەی سینتاکسی. دەبێتە ناوەندی دیاریکردنی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان یەکە سینتاکسییەکانی ڕستەیەک لە لایەک و پێویســتیە ئـارگۆمێنتە واتاییەکـانی ڕۆنـانی ســەرە لە لایەکی ترەوە (Colicover،1997: 21)، تیۆری سێتا مۆدەلێکە پەیوەنـدی بە داواکارییە گونجاوەکانی کارەوە هەیە، کار چەنـد زانیـــارییەکی ســـەبارەت بە ئارگۆمێنتەکـــان هەڵگرتـــووە ، کە ژمــارەیەکی دیــاریکراو لە ئارگۆمێنــت هەڵــدەبژێرێت و ڕۆڵی واتاییان پێ دەبەخشـێت ,کەواتە (هەر ئارگۆمێنێک دەتوانێت یەک و تەنیا یەک سیتارۆل وەربگرێت و هەر سیتارۆڵێکیش بە یەک و تەنیا یەک ئارگۆمێنت دەدرێت (Chomsky1981: 36،. بە پـێی ئەم پێـوەرە، ئەگەر هەر ڕسـتەیەک بە پێـوەری ڕۆڵی واتـایی تێنەپەڕێت، ئەوا ڕستەیەکی نارێزمـانی دەردەچێت. واتە ئەگەر ئارگۆمێنتێـک لە ڕۆڵـێکی واتـایی زیـاتری پێ بـدرێت، یـان یەک ڕۆڵی واتـایی بە دوو ئارگۆمێنــت درا، ئەوا لادانە لە تیۆری سێتا

توانـــای کـــردەی کـــار لە بەســـتنەوەی چەشـــن و جـــۆری ئارگۆمێنتەکان ئەو توانایەیە، کە کردەی کار ژمارەیەکی دیاری کــراو لە ئارگۆمێنتەکــان هەڵــدەبژێرێت و ڕۆڵی واتاییــان پێ دەبەخشـێت. کەواتە لە تۆماری فەرهەنگی ڕۆنانی ئارگۆمێنتدا کۆمەڵێــک ڕۆڵی واتــایی هەیە، ئەو ڕۆڵانە لە گــۆکردنی ڕۆڵی بابەتانە(واتـایی(thematic function) ( وەک بـکەری وبەرکاری، هەروەهـا لە پەیوەنـدی ڕۆڵی بابەتانە(واتـایی (thematic relation)، وەک کارای وکارتێکراوی پێک دێت، (مـحەمەد مەحـوی،2010: 79)، بە واتـایەکی تـر هەر ڕۆڵـێکی واتـایی دەدرێـت بە شـوێنێکی ئـارگۆمێنتی (Argument position)، بــۆ نمـــوونە شـــوێنی بـــکەر لە ســـینتاکس ئەو شوێنەیە، کە ڕۆڵی کارای پێدراوە، هەروەها شوێنی بەرکار ڕۆڵی کـارتێکراوی پێـدراوە . گواسـتنەوەی ڕۆڵە واتاییەکـانیش بـۆ ئارگۆمێنتەکـان لەلایەن کـارەوە بە نیشـانەکردنی سـێتا نـاو دەبرێت(Cook&Newson1997:169).

**٢/١) وەچەپۆل دیاریکردن:**

ئەم زاراوەیە لە ڕێزمـانی بەرهەمهێنانـدا بەکاردەهێنرێـت بـۆ دیاریکردنی ئەو پۆلە وشانەی ،کە کردار یان (توخمەکانی دیکە) لە دروسـتەی قووڵدا هەڵیدەبژێرن هەردوو چەمکی نیشـانەی پـۆلە ڕەگەزییـانە features category و نیشـانەی هەڵاوێرکردنییانە features selectional پەیوەنـدییان بە وەچەپۆلدیاریکردنەوە هەیە پۆلەرەگەزی کردار لە ڕێگەی گرێی خوشـــکەکانی لەنـــاو فرێـــزی کرداریـیــدا وەچەپۆلـــدیاریکرنی بۆدەکرێت.

لە چێوەی وەچەپۆلدارییکردندا ئەو فۆرمانەی یان پۆلەڕەگەزە سینتاکسییانەی توخمە وابەستەکان دیاریدەکات ، کە دەبنە ئارگۆمێنت بۆ نمونە دەشێت ئارگۆمێنتەکە پێویستی بە ئەوە بێت ، کە فۆرمەکەی فرێزی ناوی بێت یان فرێزی پێشناوی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئارگۆمێنتەکە بنوێنرێت ئەوەی لە نمونەی چێوەی وەچەپۆلدارییکردنی سەرەوە خراوەتەروو بۆ کرداری (هەڵگرتن) دوو ئارگۆمێنت لیستکراون، کە پێویستە هەردووکیان لە پۆلەڕەگەزی ناوبن لە بەرامبەر تۆری بابەتانەدا ئارگۆمێنتی سینتاکسی وەکو ئارگۆمێنتی سیمانتیکی نیشانە دەکرێن/مارکەی لێدەدرێت واتا وەکو ئارگۆمێنتێک لیستدەکرێت، کە پریدیکات سێتارۆڵی پێبەخشیوە هەر ئارگۆمێنتێکیان ئەوەی بۆ دیاریدەکرێت کە سێتارۆڵەکەی چییە(کارا، کارتێکراو....) کاتێک دەربڕاوێک بە ئەو سێتارۆڵانەی پێیەتی دەبێت بەسەری ڕستەیەک سێتارۆڵەکانی لەگەڵ توخمە وابەستەکاندا دەبەسترێنەوە بەپێی ئەو سەرەوریزبوونەی ، کە لە تۆری بابەتانەدا هەیانە و لیستکراون(Chomsky,1981:63)

لە ڕێگەی چێوەی وەچە پۆلدیاریکردنەوە مەودای/ژمارەی وەچەپێکهاتەکان دیاریدەکرێت کە چ توخمێکی لێکسیکی دەتوانێت وەریانبگرێت ، تایبەتمەندی سینتاکسی ئارگۆمێنتەکان پێوەرن بۆ دیارییکردنی لیستی ئارگۆمێنتەکانی چێوەی وەچەپۆلدارییکردن، لە چێوەی وەچەپۆلدارییکردندا ئەو فۆرمانەی یان پۆلەڕەگەزەسینتاکسییانەی توخمە وابەستەکان دیاریدەکات ، کە دەبنە ئارگۆمێنت بۆ نمونە دەشێت ئارگۆمێنتەکە پێویستی بە ئەوە بێت ، کە فۆرمەکەی فرێزی ناوی بێت یان فرێزی پێشناوی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئارگۆمێنتەکە بنوێنرێت ئەوەی لە نمونەی چێوەی وەچەپۆلدارییکردنی سەرەوە خراوەتەروو بۆ کرداری (هەڵگرتن) دوو ئارگۆمێنت لیستکراون کە پێویستە هەردووکیان لە پۆلەڕەگەزی ناوبن (Chomsky,1981:63) بڕوانە (١)

١) هەڵگرتن:V [چێوەی وەچەپۆلدارییکردن:< NP1، NP2 >

پەیوەست بە پەیوەندی نێوان تۆری بابەتانە و چێوەی وەچەپۆلدارییکردن، لیستی ئارگۆمێنتەکان لەلایەن چێوەی وەچەپۆلدارییکردن و تۆری سێتاکانەوە پێکدەهێنرێت بڕوانە (Stowell,1981:34) و (Chomsky,1981) سێتارۆڵەکان لەلایەن سەرەوە بە توخمە وابەستەکان دەبەخشرێت ئەو توخمە وابەستەیەی ، کە بتوانێت فیچەری ئارگۆمێنتی سەر بەجێ بهێنێت وەکو ئارگۆمێنتی سینتاکسی ، هەر لە فیچەرەکانیدا ئەوەی بۆ دیاریدەکرێت چی سێتارۆڵێکی پێببەخشرێت(Chomsky,1981:63). ئەو توخمە وابەستەیەی ، کە لەچێوەی وەچەپۆلدیاریکردندا توخمی یەکەم بێت لەتۆری بابەتانەدا بەرامبەر توخمی یەکەم دەبێت بەهەمان شێوە بۆ توخمەکانی دیکە بەپێی سەرەوریزبوونیان .

هەڵگرتن:V [چێوەی وەچەپۆلدارییکردن:< NP1 ، NP2 >

تۆری بابەتانە: <Ɵ1، Ɵ2 >

بەلای (Haegeman,1994).چێوەی وەچەپۆلدارییکردن تەنها تەواوکەرەکانی کردار دیاریدەکات ئەو وەچە پێکهاتەیەی لەناو VP دا خورتیین پێویست ناکات NP بکەر باسبکرێت و ئاماژەی پێبدرێت لە چێوەی وەچەپۆلدارییکردندا چونکە هەموو کردارێک بکەری هەیە ، بۆیە تایبەتمەندیی هەبوونی بکەر بۆ کردار ناتوانێت وەچەپۆلدارییکردنی کردار دروستبکات لەکاتێکدا هەبوونی بەرکارەکان دەیکات(Haegeman,1994:45). بۆ چێوەی وەچەپۆلدارییکردنی کردارەکان بڕوانە (١أ،ب،پ )

( 1 )أ) هاتن:/ Ɵ [ v -]

هاتن.

ب) خوارد / NP [ v -]

سێوەکەی خوارد.

پ) پێشکەشکردن/NP NP [ v -]

دیارییەکەی پێشکەشی ئێمەکرد

ت) پێدان/NP PP [ v -]

کتێبەکەی بە هیوا دا.

ج) تێخستن NP [ / v – ] PP

شوتییەکەی خستە ئاوەکەوە.

ح) لێکۆلینەوە / PP [ v -]

لە نامەکەی کۆڵییەوە.

## ٢) گۆڕاوەکانی دروستەی ئارگۆمێنت :

ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتێک دەتوانرێت بگۆڕدێن بۆ جۆرێکی تر لە ئارگۆمێت بەپێی جۆری پریدیکاتەکە، بەڵام وەکوPinker پێشنیازی کردووە گۆڕاوە سینتاکسییەکان هەرمەکی و دەستور بەدەر نیین ،بەڵکو بە پێوەر و مەرجە سیمانتیکییەکانەوە بەستراون منداڵیش لە سەرەتادا لەم پێوەر و مەرجە سیمانتیکییانە بە ئاگا نییە هەر بۆیە زۆر بە گشتییانە قسە دەکات بۆنمونە بڕوانە (٣، ٤)

٣. پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد.

٤.*کەروێشکەکە گۆشتەکەی خوارد.

بەڵام وردە وردە لە کۆتاییدا کاتێک بە پێوەر مەرجەکان ئاشنا دەبێت و دەیزانێت ئیتر بەکارهێنانە سینتاکسییەکەی وەکو گەورەکانی لێدێت(pinker,1989:205) ، لەڕستەی (٣)دا ئارگۆمێنتەکانی(پشیلەکە) (گۆشتەکە) دوو ئارگۆمێنتی پریدیکاتی (خوارد)ن بەڵام لە ڕستەی(٤) ئارگۆمێنتی (پشیلەکە گۆڕاوە بۆ کەروێشکەکە) ، کە ئەمەش دەرچوونە لە پێوەر

مەرجەسیمانتیکییەکانی گۆڕاوە سینتاکسییەکان بۆیە بووە بە ڕستەیەکی نا ڕێزمانیی.

## ٢/٢) لەچێوەدان

یەکێک لە پێوەرەکانی گۆڕاوە سینتاکسییەکان، کە بۆ گۆڕاوەکـان بەکاردەهێنرێت لە چێوەدانە Framing لە چێوەدانیش پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی لە فۆرمێکی ئەبستراکت دەنوێنرێن نەک بەشێوەی وشە(pinker,1989:205) کردارەکان بەپێی چێوەی بەبڕشتیی و دروستەی ئارگۆمێنتیان دەکرێنە گرووپ و تەرزە بنەرەتییەکانی ڕستیلەکان دیاریدەکات (Slama,2018:24) بۆنمونە کرداری فڕین لە چێوەدانەکەی بەم شێوەیە

٥.أ

a. [NP1] کردار
b. کارا [NP1]

لەچێوەدان

### ٥ب/ کۆترەکە فڕی.

هەروەها چێوەی وەچەپۆل دیاریکردن پێوەرێکی دیکە بۆ ئارگۆمێنتی ناوەکیی کردارەکان چونکە کردارەکان سێتا ڕۆڵ بە ئارگۆمێنتە ناوەکییەکان دەبەخشن[1] واتە کردارەکان لە ڕێگەی وەچەپۆلدیاریکردنەوە جۆری گۆڕاوە سینتاکسییەکان دیاریدەکەن ، بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی لەڕێگەی (VP) وە دیاریکردێت واتە پێدانی سێتارۆڵ بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەشێوەی دارشتەیی دەبێت . هەڵبژاردنی ئارگۆمێنتی ناوەکیی/بەرکار کاریگەری دەبێت لەسەر دیاریکردنی ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنتی دەکیی بەڵام هەڵبژاردنی ئارگۆمێنتی دەرکیی کارگەری لەسەر ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنتی ناوەکیی/بکەر نابێت (Haegeman,1994 :45,51,71) .

شێوازی پێدانی سێتارۆڵ لەلایەن کردارەوە بە ئارگۆمێنتەکانی بە دوو قۆاغ دەبێت لە قۆناغی یەکەمدا کردارەکە سێتارۆڵ دەبەخشێتە ئارگۆمێنتە ناوەکییەکەی و لە قۆناغی دووهەمدا (VP) سێتارۆڵ دەبەخشێتە ئارگۆمێنتە دەرەکییەکەی، (Haegeman, 1994: 72) . هەندێک NP ئارگۆمێنتی ناوەکیی لە لایەن کردارەوە سێتارۆڵ وەرناگرن، بەڵکو لەلایەن پێشناوەکانەوە وەریدەگرن. ئەو NP یەی ،کە ڕاستەوخۆ سێتارۆڵ لە لایەن کردارەوە وەردەگرێت بە ئارگۆمێنتی ڕاستەخۆ دادەنرێت ، بەڵام ئەو ئارگۆمێنتەی ،کە بە شێوەی ناراستەخۆ سێتا ڕۆڵ لە لایەن کردارەوە وەردەگرێت پێیدەگوترێت ئارگۆمێنتی ناراستەخۆ ( Rappaport et al,1993:39)، ئەم شێوازی پێدانی سێتا ڕۆڵانە وەکو پێوەرێک بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕاوەکان

بەپێی هێزی کردارەکان جۆری گۆڕاوەکان پەیوەست بە پێوەری لە چێوەدان و وەچەپۆلدیاریکردن و پێدانی سێتا ڕۆڵەکان دیاریدەکرێت بروانە ١/١

**کرداری یەک جێکەوتەیی (هاتن، فڕین........)**

٦/أ

a. [NP1] کردار
b. کارا [NP1]

لەچێوەدان

ب/هیوا هات
پ/ پیاوەکە هات
ت*بەردەکە هات.

لەڕستەی (٦/ب)دا بەپێی نواندنی لە چێوەدانەکەی (NP) هیوا، کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتا ڕۆڵی کارای وەرگرتووە . لە ڕستەی (پ)دا گۆڕاوی (پیاوە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لەلایەن (VP) ەوە سێتا ڕۆڵی کارای وەرگرتووە بەڵام لە ڕستەی (ت) گۆڕاوی بەردەکە کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتا ڕۆڵی کارای وەرنە گرتووە بۆیە ڕستەیەکی نارێزمانیی بەرهەمهاتووە.

٧/أ

a. [NP1] کردار
b. کارا [NP1]

لەچێوەدان

ب/پوشەکە سوتا .
پ/دارەکە سوتا.
ت/*ئاوەکە سوتا.

لەڕستەی (٧/ب)دا بەپێی نواندنی لە چێوەدانەکەی (NP) (پوشەکە) ، کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتا ڕۆڵی کاتێکراوی وەرگرتووە . لە ڕستەی (پ)دا گۆڕاوی (دارەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لەلایەن (VP) ەوە سێتا ڕۆڵی کارتێکراوی وەرگرتووە بەڵام لە ڕستەی (ت) گۆڕاوی (ئاوەکە)

[1] بروانە (fabregas:2005) ئارگۆمێنتی ناوەکیی بەدیاریکراوی لەلایەن ڕەگی کردارەوە دیاریدەکرێت

که ئـارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سـێتا ڕۆڵی کـارتێکراوی وەرنە گرتووە بۆیە ڕستەیەکی نارێزمـانیی بەرهەمهاتووە.

**کـرداری دوو جـێکەوتەیی ( خـواردن ، خوێنـدن، هێنـان، شکاندن.........)**

أ/٨

(a  [ NP1]   [ NP2]   کردار

لەچێوەدان

(b  کارا [ NP1] کاتێکراو [ NP2 ]

ب/شێرەکە ئاسکەکەی خوارد.

پ/مندڵەکە سێوەکەی خوارد.

ت/*ئاسکە شێرەکەی خوارد.

لە ڕستەی(٨/ب)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا کرداری خوارد بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (٨/ب)دا بە (NP)ئاسکەکە نوێنراوە و سێتارۆڵی کارتێکراوی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی (٨/ب) بە (NP) شێرەکە نوێنراوە سێتا ڕۆڵی کارا ی لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە. بەڵام لە ڕستەی (٨/پ) (ئاسکەکە گۆڕاوە بۆ فرێزی ناوی سێوەکە هەمان سێتا ڕۆڵی وەرگرتوە (کاتێکراوە) هەروەها (شێرەکە گۆڕاوە بۆ فرێزی ناوی منداڵەکە هەمان سێتا ڕۆڵی وەرگرتوە (کارا) . بەڵام لە ڕستەی (ت)دا شێرەکە وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتا ڕۆڵی کارتێکراوی وەرگرتووە (VP) سێتارۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەڵام فرێزی ناوی ئاسکەکە ناتوانێت ئەم سێتا ڕۆڵە وەربگرێت بۆیە ڕستەکە نارێزمانییە بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (٨/پ) ئەم سێتا ڕۆلەیان وەرگرتووە بۆیە رستەیەکی رێزمانی بەرهەمهاتووە.

أ/٩

(a  [ NP1]   [ NP2]   کردار

لەچێوەدان

(b  کارا [ NP1]بابەت [ NP2 ]

ب/ئیلیان کتێبەکانی هێنا.

پ/منداڵەکە یارییەکانی هێنا.

ت/*دارەکە کتێبەکەی هێنا.

لە ڕستەی(٩/ب)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا کرداری هێنا بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (ب)دا بە (NP)(کتێبەکە) نوێنراوە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی(ب)دا بە (NP) (ئیلیان) نوێنراوە سێتا ڕۆڵی کارا ی لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە. بەڵام لە ڕستەی (پ) (NP)(کتێبەکە)گۆڕاوە بۆ فرێزی ناوی یارییەکان هەمان سێتا ڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتوە هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ئیلیان) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (منداڵەکە) هەمان سێتا ڕۆڵی (کارا)ی وەرگرتوە. بەڵام لە ڕستەی (ت)دا کتێبەکە وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتا ڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتارۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەڵام فرێزی ناوی دارەکە ناتوانێت ئەم سێتا ڕۆڵە وەربگرێت بۆیە ڕستەکە نارێزمانییە بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (ب،پ) ئەم سێتا ڕۆڵەیان وەرگرتووە بۆیە رستەیەکی رێزمانی بەرهەمهاتووە.

أ/١٠

(a  [ NP1] [ PP ]   کردار

لەچێوەدان

(b  کارا [ NP1 ] بابەت/...[ PP ]

ب/پیاوەکە لە منداڵەکەی دا.

پ/ئۆتۆمبێلەکە لە پیاوە بەتەمەنەکەی دا

ت/ *کارەباکە لەمنداڵەکە دا

لە ڕستەی(١٠/ب)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا کرداری (لێدان) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (PP) کە لە ڕستەی (ب)دا بە (PP) (لەمنداڵەکە) نوێنراوە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP) کە لە ڕستەی(ب)دا بە (NP) (پیاوەکە) نوێنراوە سێتا ڕۆڵی کارا ی لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە. بەڵام لە ڕستەی (پ) (PP)(مندڵەکە)گۆڕاوە بۆ (PP)(پیاوە بەتەمەنەکە) هەمان سێتا ڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتوە هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ئۆتۆمبێلەکە) هەمان سێتا ڕۆڵی (کارا)ی وەرگرتوە. بەڵام لە ڕستەی (ت)دا (PP) لەمنداڵەکە وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتا ڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتارۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەڵام فرێزی ناوی کارەباکە ناتوانێت ئەم سێتا ڕۆڵە وەربگرێت بۆیە ڕستەکە نارێزمانییە بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (ب،پ) ئەم سێتا ڕۆڵەیان وەرگرتووە بۆیە رستەیەکی رێزمانی بەرهەمهاتووە

١١/أ

(a [NP1] [PP] کردار

لەچێوەدان

(b کارا [NP1] ئامێر/...[ PP]

ب/من بەهەواڵەکەم زانی

پ/پیاوەکە بە کێشەکەی زانی .

ت/*دیوارەکە بە رووداوەکەی زانی.

لە رستەی(١١/ب)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا کرداری (پێزانین) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (PP) کە لە رستەی (ب)دا بە (PP) (لەمنداڵەکە) نوێنراوە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP) کە لە رستەی(ب)دا بە (NP) (پیاوەکە) نوێنراوە سێتا رۆڵی کارا ی لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە. بەڵام لە رستەی (پ) (PP)(منداڵەکە)گۆڕاوە بۆ (PP)(پیاوە بەتەمەنەکە) هەمان سێتا رۆڵی(بابەت)ی وەرگرتوە هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ئۆتۆمبێلەکە) هەمان سێتا رۆڵی (کارا)ی وەرگرتوە. بەڵام لە رستەی (ت)دا (PP) لەمنداڵەکە وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتا رۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتارۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەڵام فرێزی ناوی کارەباکە ناتوانێت ئەم سێتا رۆڵە وەربگرێت بۆیە رستەکە نارێزمانییە بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی رستەی (ب،پ) ئەم سێتا رۆڵەیان وەرگرتووە بۆیە رستەیەکی رێزمانی بەرهەمهاتووە.

کرداری (پێزانین) بەهۆی ئەوەی لە فەرهەنگدا بە دوو زانیاریی جیاوازەوە نوێنراوە هەر بۆیە دروستەی ئارگۆمێنتیان جیاواز دەبێت هەرچەندە هەمان دروستەی مۆفۆلۆژییان هەیە

١٢/أ

a[NP1] [NP2] [PP] کردار

لەچێوەدان

b کارا [NP1] بابەت [NP2] سودمەند/...[ PP]

ب/من تۆم بەپیاو زانی

پ/پیاوەکە بە فێڵەکانی ئەوی زانی.

ت* دیوارەکە بە فێڵەکانی ئەوی زانی

لە رستەی(١٢/ب)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا کرداری (پێزانیین) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە رستەی (ب)دا بە (NP)(تۆ) نوێنراوە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی ناوەکیی(PP) کە لەرستەکەدا بە (بە پیاو) نوێنراوە و سێتا رۆڵی سودوەرگری پێەخشراوە ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە رستەی(ب)دا بە (NP) (من) نوێنراوە سێتا رۆڵی کارای لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە. بەڵام لە رستەی (ب)دا (NP)(تۆ )گۆڕاوە بۆ فرێزی ناوی (ئەو) هەمان سێتا رۆڵی(بابەت)ی وەرگرتوە، (PP)(بەپیاو) گۆڕاوە بۆ (PP)(بە فێڵەکانی) هەمان سێتا رۆڵی سودوەرگری وەرگرتووە هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (من) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە) هەمان سێتا رۆڵی (کارای)ی وەرگرتوە. بەڵام لە رستەی (ت)دا (ئەو) وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتا رۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتارۆڵی تاقیکەرەوە دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەڵام فرێزی ناوی (دیوارەکە)ناتوانێت ئەم سێتا رۆڵە وەربگرێت بۆیە رستەکە نارێزمانییە بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی رستەی (ب،پ) ئەم سێتا رۆڵەیان وەرگرتووە بۆیە رستەیەکی رێزمانی بەرهەمهاتووە.

١٣/أ

(a [NP1] [NP2] کردار

لەچێوەدان

(b تاقیکەرەوە [NP1] بابەت [ NP2]

ب/لەند خواردنەکەی تامکرد.

پ/نەخۆشەکە دەرمانەکەی تامکرد.

ت/* بەردەکە شیرەکەی تامکرد.

لە رستەی(١٣/ب)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا کرداری تامکردن بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە رستەی (ب)دا بە (NP)(خواردنەکە) نوێنراوە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە رستەی(ب)دا بە (NP) (لەند) نوێنراوە سێتا رۆڵی تاقیکەرەوەی لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە. بەڵام لە رستەی (پ) (NP)(خوردنەکە)گۆڕاوە بۆ فرێزی ناوی (دەرمانەکە) هەمان سێتا رۆڵی(بابەت)ی وەرگرتوە هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (لەند) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (نەخۆشەکە) هەمان سێتا رۆڵی (تاقیکەرەوە)ی وەرگرتوە. بەڵام لە رستەی (ت)دا شیرەکە وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتا رۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتارۆڵی تاقیکەرەوە دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەڵام فرێزی ناوی بەردەکە ناتوانێت ئەم سێتا رۆڵە وەربگرێت بۆیە رستەکە نارێزمانییە بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی

ڕستەی (١،٢) ئەم سێتا ڕۆڵەیان وەرگرتووە بۆیە ڕستەیەکی ڕێزمانی بەرهەمهاتووە.

**کرداری سێ جێکەوتەیی( پێدان لێکردن، پێکردنەوە لێکردنەوە...............)**

أ/١٤

a[NP1] [NP2] [PP] کردار

لەچێوەدان

b‌کارا[NP1] بابەت [NP2] سودمەند/...[PP]

ب/ئازاد دیارییەکەی بە تۆ دا.

پ/پیاوەکە کتێبەکەی بە کوڕەکەی دا.

ت* بەردەکە کتێبەکەی بە کوڕەکەی دا.

لە ڕستەی(١٤/ب)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا کرداری (پێدان) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (١)دا بە (NP)(دیارییەکە) نوێنراوە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی ناوەکیی(PP) کە لەڕستەکەدا بە (بەتۆ) نوێنراوە و سێتا ڕۆڵی سودوەرگری پێەخشراوە ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی(ب)دا بە (NP) (ئازاد) نوێنراوە سێتا ڕۆڵی کارای لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە. بەڵام لە ڕستەی (پ)دا (NP)(دیارییەکە )گۆڕاوە بۆ فرێزی ناوی (کتێبەکە) هەمان سێتا ڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتوە، (PP)(بەتۆ) گۆڕاوە بۆ (PP)(بە کورەکە) هەمان سێتا ڕۆڵی سودوەرگری وەرگرتووە هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ئازاد) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە) هەمان سێتا ڕۆڵی (کارای)ی وەرگرتوە. بەڵام لە ڕستەی (ت)دا (کتێبەکە) وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتا ڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتارۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەڵام فرێزی ناوی بەردەکە ناتوانێت ئەم سێتا ڕۆڵە وەربگرێت بۆیە ڕستەکە نارێزمانییە بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (ب،پ) ئەم سێتا ڕۆڵەیان وەرگرتووە بۆیە ڕستەیەکی ڕێزمانی بەرهەمهاتووە.

لێکردنەوە

أ/١٥

a[NP1] [NP2] [PP] کردار

لەچێوەدان

b‌کارا[NP1] کارتێکراو [NP2] ئامێر/...[PP]

ب/پیاوەکە ڕادیۆکەی بە دەرنافیز کردەوە .

پ/هیوا سێوەکەی بە دەست لێکردەوە.

ت/*سێوەکە هەنارەکەی بەدەست لێکرەوە

لە ڕستەی(١٥/ب)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا کرداری (کردەوە) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (ب)دا بە (NP)(رادیۆکە) نوێنراوە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی ناوەکیی(PP) کە لەڕستەکەدا بە (بە دەرنافیز) نوێنراوە و سێتا ڕۆڵی سودوەرگری پێەخشراوە ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی(ب)دا بە (NP) (پیاوەکە) نوێنراوە سێتا ڕۆڵی کارای لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە. بەڵام لە ڕستەی (ب)دا (NP)(رادیۆکە )گۆڕاوە بۆ فرێزی ناوی (سێوەکە) هەمان سێتا ڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتوە، (PP)(بە دەرنافیز) گۆڕاوە بۆ (PP)(بەدەست) هەمان سێتا ڕۆڵی ئامێری وەرگرتووە هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (هیوا) هەمان سێتا ڕۆڵی (کارای)ی وەرگرتوە. بەڵام لە ڕستەی (ت)دا (سێوەکە)وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتا ڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتارۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەڵام فرێزی ناوی (سێوەکە) ناتوانێت ئەم سێتا ڕۆڵە وەربگرێت بۆیە ڕستەکە نارێزمانییە بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (ب،پ) ئەم سێتا ڕۆڵەیان وەرگرتووە بۆیە ڕستەیەکی ڕێزمانی بەرهەمهاتووە.

ناو ئاوەڵناوەکانیش گۆڕاوەکانی دروستەی ئارگۆمێنتیان بە پێی جۆری پریدیکات و بەهەمان پێوەرەکانی کردار دەبێت

أ/١٦

.a [NP1] کردار

لەچێوەدان

.b بابەت [NP1]

ب/ئازاد زیرەکە.

پ/پیاوەکە زیرەکە

ت/*بەردەکە/دارەکە زیرەکە

لەڕستەی (١٦/ب)دا بەپێی نواندنی لە چێوەدانەکەی (NP) (ئازادا)، کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتا ڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە . لە ڕستەی (٢)دا گۆڕاوی (پیاوە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لەلایەن (VP) ەوە سێتا ڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە بەڵام لە ڕستەی (٣) گۆڕاوی (بەردەکە/دارەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتا ڕۆڵی بابەتی وەرنە گرتووە بۆیە ڕستەیەکی نارێزمانیی بەرهەمهاتووە.

أ/١٧

a. [ NP1 ] کردار
b. کارا [ NP1 ]

لەچێوەدان

ب/نازدار مامۆستایە .
پ/کورەکە پزیشکە.
ت/*دارەکە پزیشکە

لەرستەی (١٧/ب)دا بەپێی نواندنی لە چێوەدانەکەی (NP) (نازدار)، کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتا رۆڵی بابەتی وەرگرتووە . لە رستەی (پ)دا گۆڕاوی (کورەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لەلایەن (VP) ەوە سێتا رۆڵی کارای وەرگرتووە بەڵام لە رستەی (ت) گۆڕاوی (دارەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتا رۆڵی بابەتی وەرنە گرتووە بۆیە رستەیەکی نارێزمانیی بەرهەمهاتووە.

بەپێی گۆڕاوەکان ئەم تەرزانە بۆ سێتا رۆڵەکانی پریدیکات لەزمانی کوردیدا هەیە:

تەرزەکانی کردار

| سێتاڕۆڵ | سێتاڕۆڵ | سێتاڕۆڵ | کردار |
|---|---|---|---|
| کارا/کاتێکراو | | | یەک جێکەوتەیی |
| کارا/بابەت/تاقیکەرەوە | بابەت/کاتێکراو | | دووجێکەوتەیی |
| کارا | بابەت/کارتێکراو | سودمەند/ئامێر/ئاماج/ | سێ جێکەوتەیی |

تەرزەکانی ناو و ئاوەڵناو

| سێتاڕۆڵ | پریدیکات |
|---|---|
| بابەت | ناو |
| بابەت | ئاوەڵناو |

## ئەنجامەکان:

1. جۆری پریدیکاتەکان کۆتوبەند دەخاتە سەر جۆری گۆڕاوەکان بە تایبەتی لە نێوان ئارگۆمێنتی **NP** و **PP** دا.
2. کۆتوبەندە سیمانتیکییەکان رێگە نادات سێتارۆڵی گۆڕاوەکان بۆ سێتارۆڵێکی تر بگۆڕدرێت.
3. پریدیکاتەکان ژمارەی ئارگۆمێنتەکان دیاریدەکەن بۆیە ناتوانرێت ژمارەی گراوەکان زیاد وکەم بکرێت.
4. بەپێی چێوەی لە چێوەدان جۆری گۆڕاوەکان دیارییدەکرێت بۆ هەر پریدیکاتێک چێوەیەک دیاریکراوە.

## سەرچاوەکان:

1. ئارام رشید مجید (٢٠١٦) دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کاریدا ، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان ، زانکۆی سلێمانی .
2. بیستوون حسن ئەحمەد(٢٠١٢)، کۆمەڵەوشە پێکەوهاتن لە زمانی کوردیا ، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
3. صباح رشید قادر(٢٠٠٩) هەندێ لایەنی رێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لەزمانی کوردییدا، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
4. شیلان عومەر حسەین(٢٠١٢) پەیوندیی سینتاکس و سیمانتیک لە رێزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی
5. عبدولجبار مستەفا مەعروف،(٢٠٢٠) لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی،چاپی یەکەم ، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
6. محەمەدی مەحویی(٢٠١١) بنەماکانی سینتاکسی_کوردیی، بەرگی یەکهەم،چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی
7. محەمەدی مەحویی، کاروان عومەر، شیلان عومەر (٢٠١٠) دروستەی کردار بنەما ودیاردە، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی.
8. Alixader Willams(2015 ) Argument in syntax and semantics , Cambridge University press,
9. Andrew Radford (2006) English syntax-An Introduction, , Cambridge, University press
10. Bas Aarts (2001) English syntax and Argumentation,2nd edition,london
11. Chomsky(1981) Letures on government and Binding, Dordrecht:foris
12. David Crystal(2003)A Dictionary of Linguistics and phonetics,5th edition ,Blacwell.
13. Hadumod Bussmann(1998) Routledge Dictionary of Language and Linguistics, Routledge Publisher, New York.
14. Jack C.Richards and Richards Schidt( ) Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics
15. Jane Grimshaw(1991) Argument structure, second editiin ,MIT , Massachusetts.
16. Joan Bresnan (1995) Lexicality and Argumeny Structrue
17. Kate Kearn(2011) Semantics , second edition , palagrave Macmillan,UK.
18. Leonard H. Babby(2009) The Syntax of Argument Structure , Cambridge University press, New York .
19. Liliane Haegeman(1994)Introdution to Government and Binding Theory, Blackwell publishing, second edition.
20. R.L.Trask(2007)A Dictionary of grammatical terms in linguistics
21. Rappaport, M. Levin, B. and Laughren, M(1993) Levels of lexical
22. Rappaport, M. Levin, B. and Laughren, M(1993) Levels of lexical representation .semantics and the lexicon in(semantics and lexicon) volume 49
23. Sebastian lobner(2013) Understanding Semantics.
24. Thomas Ernst (2004) The syntax of Adjuncts , Cambridge, University press